

**حوزنەكانی تۆ خۆیان لەمندا بەرجەستە دەكەن**

بۆهاوڕێم ( بەختیار ئەحمەد ) لاوێك لەڕەنگی ئاو

من و تۆ لەخاكێكدا دەژین پڕە لەمین

پڕە لەهەناسەی بەستوو

پڕە لەخستنەگۆڕی خەونە ئەرخەوانییەكان

تۆ كوڕی هەور و

منیش نەوەی دوای بەفر بارینم

خەونی من و تۆ

لەخەونی پاڵەوانێك دەچێ

كەهێشتا لەدایك نەبووە،

لەوانەشە هەرگیز لەدایك نەبێت،

بەس نابێت هەرگیز گوڵ تەنیا بكەین و

بیخەینە
دەستێکی سەڕابی و
قەدەرێکی لێڵەوە
دەزانم تۆ هەیت،
بەڵام من لەدوای تۆوە دێم
تاخەونەکان
لەخاکێکدا بچێنین
کەهێشتا باران تەڕی نەکردوە
کەهێشتا مینەکان
دەتەقن پێمانا
مەترسە
لەنێوان ڕەش و سپیدا
چەندان ڕەنگی جوانتر هەیە.
مەترسە دەستی گوڵ بگرە و
وەك باران تەڕ تەڕی بکە
بەئاهە سەڕابییەکانت
بەنۆتە ئەفسوناوییەکانت
خۆر بگێڕەوە بۆ بەر لەهاتنی مانگ و
لەپێدەشتی عەرعەردا
تەرمی گەرمیانییەکانم بۆ بهێنەوە
بۆ مەملەکەتێك، کەبەهای مرۆڤ بوون و
ژیان بزانێ.
هاوڕێم کەلێم دووریت،

مەملەکەتی من دەبێتە سەرابستانێکی پەنهان

کەلێت نزیکم ئاوێتەم دەکەیت بەخەونە ئەبەدییەکان.

هاوڕێم ژیان لێرە ئاوایە

من ئێوارەکانی ژیان زۆر بەحوزنەوە بەڕێ دەکەم،

دەمەوێت تۆش

ماڵت لەدڵی کۆترێکدا چێکەی...!

لەم مەملەکەتەی مندا،

ئەوەی بەشی نەبێ من و تۆین

بڕۆ!

تۆ وەك من مەبە،

بڕۆ خۆت سەرگەردان مەکە

لێرە نووزەیەك نەماوە بۆ ژیان

بەسپی بڵێی: سپی،

خوێنت دەڕژێ

ژیان پڕە لەمین

پڕ لەگوللەی سارد

لەقسەی کاڵفام

ئێرە بەس خۆ گەوجاندنە

هاوڕێـــم!

دەزانی هیچ شتێ لەخۆگەوجاندن بێمانا تر نییە.

هاوڕێم ببورە

ببووره زۆر،

کەناتوانم گریان بگۆڕم بۆ خەندەیەکی درۆینە

دڵنیام تۆش وایت

دڵنیام لەبری قاچێك

هەزار قاچ قەرز دەکەی و

ڕادەکەیت

دلنیام بەهەزاران دەست چەمۆڵە لەبێئومێدی دەنێی

دڵنیام دڵنیا

تاهاتنەوەی مەحەبەت

هەر دڵتەنگی

دەزانی

هاوڕێ

دوێنێ شەقام خوێنی ڕژا،

ئەمڕۆش دەستەکانی بڕانەوە

تانەتوانێ، هەنگاو بنێ.....!

چ دڵتەنگییەکە هاوڕێم

دڵنیام تۆش لەنیشتمان بێزار نیت

دڵنیام تۆ ژیان بەبتەکانی ئەوان ناگۆڕیتەوە،

دوێنێ چاوت دەیەشا

ئەمڕۆش دڵت.

ئای هاوڕێم

بڕۆ وەك من مەبە

شەق لەبێزاری و دڵتەنگی هەڵدە

بڕۆ ماڵك لەخەندە و

شەقامێك لەباران

دروست بكە

بڕۆ دەستی گوڵ بگرە باتەنیا نەبێت.

ڕانیە/ سەرەتای پاییزی 2013

هـاوار تـەیــب